# سەلما حەبیبی بۆ گوڵان:

# بە فیلمێک توانیم یاسایەکی مەغریب بۆ بەرژەوەندیی ئافرەتان بگۆڕم

هەر لە تەمەنێکی زوودا خولیا و حەزی هونەر لە مێشك و دەروونیدا چەکەرەی کردبوو و توانیی لە ڕێگای کورتە فیلمەکانی و بە نیشاندانی گرفت و دەردەکانی نێو کۆمەڵگا سەرنجی بینەر بۆ خۆی رابکێشێت، چونکە زۆر راستگۆیانە و بە جورئەتەوە رۆڵەکانی بینیوە و فیلمەکانی زۆرترین بینەری هەیە لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە بینەر زیاتر سەیریان دەکات و بە ئاسانتر دەستیان دەکەوێت، فیلمەکانی سەلما حەبیبی جۆرێك لە جورئەتیان تێدایە، بەڵام جورئەتێکی سنووردار و لەسەر حیسابی جەستەی خۆی نەبێت، بۆیە بە پێویستمان زانی ئەم گفتوگۆیەی لەگەڵدا ساز بکەین.



وەك زۆربەی کچە ئەکتەرە مەغریبییەکان زۆربەی فیلم و کارەکانی سەلما بەر لەوە لە هۆڵەکانی سینەما نمایش بکرێن بە دی ڤی دی و لەسەر کەناڵەکانی یوتیوٚب بڵاو دەکرێنەوە، لەم بارەیەوە دەڵێ: من سەرەتا لە دوو کورتە فیلم بەشداریم کرد دواتر دەرهێنەرێکم ناسی کە لە مەغریب بەناوبانگە و چەندین فیلمی درێژی هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی فیلمەکانی جورئەتی زۆریان تێدابوو رێگایان نەدەدا زۆر لە تەلەفزیوٚن دەرکەوێت و چاودێرییەکی زۆریان خستبووە سەر فیلمەکانی، هەروەها توانای ماددیشمان دیاریکراو بوو و ئەو فیلمانەی ئەنجامیشمان دەدا لەسەر ئەرکی خۆمان بوو کە لێرە ئێمە پێی دەڵێین فیلمی سەربەخۆ، ئەمانە هۆکار بوون بۆ ئەوەی فیلمەکانمان بە دی ڤی دی و لەسەر یوتیوٚب بڵاوبکرێتەوە، ئەگەرچی ئەو داهاتەی لەو فیلمانەش دەستمان دەکەوێتەوە زۆر کەمە و ناگاتە ئەو ئاستەی کە قازانجی هەبێت و دەمینێتەوە سەر ئاستی بینینیان، بەڵام هەرچۆنێك بێت دەبێتە هۆکارێك کە بەردەوام بین لە بەرهەمهێنانی ئەم جۆرە فیلمانە، چونکە زەحمەتە بتوانین لە یەك کاتدا لە یوتیوٚب و لە سینەما فیلممان هەبێت، بۆ ئێمەش جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە، چونکە رێگا پێدراون و بە هیچ شێوەیەك قەدەغە نەکراون و کورتە فیلمەکانیشمان لە هەموو شوێنێك بە ئازادی نمایش دەکرێن و دەفرۆشرێن، هەروەها جگە لە فیلم و کورتە فیلم ئێمە زنجیرەشمان بەرهەمهێناوە کە لەسەر یوتیوٚب و بە سیدی و دی ڤی دی دەفرۆشرێن لەوانە زنجیرەی (سیتکۆم) کە هەر ئەڵقەیەکی باس لە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو دەکات.

کێشە و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان گرنگترین ئەو بابەتانەن کە سەلما لە فیلمەکانیدا باسیان دەکات و هەوڵ دەدات بیانخاتە روو و لە رێگای یوتیوٚب و سیدی، چونکە کەناڵە مەغریبییەکان رێگا بە بەرهەمهێنان و نمایش کردنی هەموو جۆرە فیلمێك نادەن، لەم بارەیەوە دەڵێ: حەز دەکەم هەر بابەتێك من لە فیلمەکانمدا بیخەمەڕوو پەیوەندی بە تەواوی کۆمەڵگاوە هەبێت بەتایبەتی ئافرەت و منداڵان، حەز دەکەم فیلمەکانم جورئەتیان تێدا بێت جورئەتێك لە سیناریۆ و بابەتەکەدا هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بابەتی بن و نەك تەنیا جورئەتێك بێت لە پێناو وروژاندن و خۆنمایش کردن، حەز دەکەم ئەو بابەتانە بوروژێنم کە لە کۆمەڵگادا زۆرن، بەڵام لە هەمان کاتدا شاراوەن و کەس نەیخستوونەتە سەر شاشە بەوە شێوەیەی کە پێویستە بە مەبەستی وشیار کردنەوەی کۆمەڵگا وەك بابەتەکانی دەستدرێژیی سێکسی و بە شوودانی کچانی ناکام ئەوانەی لە رووی تەمەنەوە یاسا رێگایان پێنادا ژیانی هاوسەرێتی پێکبهێنن کەچی ناچارن ببنە هاوسەری کەسانی لە خۆیان بەتەمەنتر، منیش ئەم جۆرە رۆڵانەم بینیوە، لە یەکێك لە فیلمەکانمدا دەستدرێژیی سێکسیم دەکرێتە سەر، بەڵام مەبەستم تەنیا لایەنی سێکسی نەبوو بەڵکو فیلمەکە ئامانجێکی هەبوو و ئامانجەکەشی پێکا، چونکە بووە هۆی گۆڕینی یاسای (پاراستنی کچان).

سەلما هەروەها دەڵێ: وەك باسم کرد ئامادەم رۆڵێك ببینم جورئەتی تێدا بێت، بەڵام ئامانجی هەبێت و پەیامێك بگەیەنێت واتە جورئەتێك بە خۆڕایی نەبێت لە هەمان کاتدا منیش وەك هەموو هونەرمەندانی دیکە هێڵی سوورم داناوە بۆ چۆنیەتی کارکردنم و بە هیچ شێوەیەك ئامادە نیم رۆڵی کچێك ببینم کە کوڕێکی خۆش بوێت و دیمەنی وروژێنەری تێدا بێت بێ ئەوەی ئامانجێکی هەبێت کە سوود بە تەواوی کۆمەڵگا بگەیەنێت و پەیوەندی بە ژیانی هەموانەوە هەبێت.

سەرەڕای پێشکەش کردنی ئەو فیلمانەی کە پەیوەندی بە ژیانی خەڵکەوە هەیە و پەیامێك دەگەیەنێت، بەڵام هەر ئەو خەڵکەیە هێرش دەکاتە سەر ئەم جۆرە فیلمانە، سەلما یەکێکە لەوانەی تووشی ئەم جۆرە کاردانەوەیە بووە ولەم بارەیەوە دەڵێ: دوو فیلمی یەکەمم ئاسایی بوون و جورئەتێکی ئەوتۆیان تێدا نەبوو، بەڵام فیلمی سێیەمم (القانون لایحمی العذاری ) دیمەنی دەستدرێژی سێکسی تێدا بوو، بۆیە دوای بڵاوبوونەوەی نیوەی مەغریب هێرشی جیاجیایان کردە سەرم بە هەموو شێوەیەك و بە (بێ رەوشت ) و ( لەشفرۆش) و چەندین شتی دیکەی ناشیرین ناویان بردم، تەنانەت خانەوادەکەشم بوونە ئاستەنگ لەبەردەمم و پێیان گوتم ئێمە رێگامان پێدای لە سینەمادا کار بکەی، بەڵام نەك لەو جۆرە فیلمانە کە کاریگەری لە ناوبانگی ئێمە بکات، کەچی دوای ئەوەی فیلمەکە بووە هۆی گۆڕینی یاسایەك بۆ پاراستنی کچان لە مەغریب و بەشداری لە چەندین فیستیڤاڵدا کرد و زۆر خەڵاتیشی بەدەستهێنا ئینجا دەستخۆشییان لێکردم و درکیان بەوە کرد کە من ئامانجی خۆم لەم فیلمە پێکا و لە پێش هەمووشیانەوە خانەوادەکەم کە زۆر سوپاسیان دەکەم بۆ هاندانیان.

سەبارەت بە زانیارییەکانی دەربارەی فیلم و سینەمای کوردی و عێراقی، سەلما دەڵێ: تا ئێستا هیچ زانیارییەکی ئەوتۆم دەربارەی فیلم و سینەمای کوردی و عێراقیش نییە، ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە لێرە باش نمایش ناکرێن و پەیوەندیی بەردەوامان نییە، بەڵام لە رووی کۆمەڵایەتییەوە نزیك بوونێك و هاوشێوەیەك لە نێوان کۆمەڵگاکانماندا هەیە، بۆیە دەتوانین سوود لە یەکتری وەربگرین بەتایبەتی لە رووی چیرۆك و سیناریۆکان.

سەلما ئێستا قوتابیی قۆناغی کۆتاییە ئەمەش وایکردووە ئێستا کاتی خۆی زیاتر بۆ خوێندن تەرخان بکات، لەم بارەیەوە دەڵێ: لە فەرەنسا و میسر چەندین کاری جیاجیام پێشکەش کراوە، بەڵام ئەم ماوەیە بڕیارمداوە زۆربەی کاتی خۆم بۆ خوێندن تەرخان بکەم، چونکە من قوتابیی قۆناغی کۆتایی کۆلێژم و ناتوانم بەشداری لە کارێکدا بکەم لە دەرەوەی مەغریب، ئەگەر لە مەغریب بێت تا رادەیەك ئاسانترە و رەنگە بتوانم بەشداریی تێدابکەم، ئەگەر کات گونجاو بێت مانگی سێپتێمبەر سەردانی فەرەنسا دەکەم ئەو کارانەی پێشکەشم کراوە لە نزیکەوە دەیانخوێنمەوە ئینجا بڕیار دەدەم بەشداری تێدا بکەم، چونکە ئەو دەرهێنەرە مەغریبییە دانیشتووی فەرەنسایە، حەز دەکەم ئاماژە بەوەش بکەم کە سەرەڕای ئەو هەموو فیستیڤاڵانەی لە مەغریب ساز دەکرێن سینەمای مەغریبی لە ئاستێکی باشدا نییە، هەرچەندە دەڵێن لە ئاستێکی باشدایە، بۆ نموونە لە شارێك کە دوو فیستیڤاڵی جیهانی باوەڕ پێکراوی تێدا ئەنجام دەدرێت کە ئەستێرەی سینەمایی جیهانی و میسری بانگهێشت دەکرێن، کەچی هۆڵێکی سینەمایی نییە بۆ نمایش کردنی فیلمەکان ئەمەش مایەی پێکەنین وسەرسوڕمانە.

**لە یەکێك لە فیلمەکانمدا دەستدرێژیی سێکسیم دەکرێتە سەر، بەڵام مەبەستم تەنیا لایەنی سێکسی نەبوو بەڵکو فیلمەکە ئامانجێکی هەبوو و ئامانجەکەشی پێکا، چونکە بووە هۆی گۆڕینی یاسای (پاراستنی کچان)**

**حەز دەکەم هەر بابەتێک من لە فیلمەکانمدا بیخەمەڕوو پەیوەندی بە تەواوی کۆمەڵگاوە هەبێت بەتایبەتی ئافرەت و منداڵان، حەز دەکەم فیلمەکانم جورئەتیان تێدا بێت**

# جیزیل جامی جیهانی پێشکەش دەکات

بە هۆی خۆنیشاندان و نارەزایەتییەکان و بۆ تووڕە نەکردنی جەماوەری بەرازیل، دیلما ڕۆسیفی سەرۆکی بەرازیل، تەنیا بە شێوەیەکی ڕەمزی بەشداری لە ئاهەنگی کردنەوەی مۆندیالی بەرازیلدا کرد، بەڵام لە ئێستاوە جیزیل بۆندشینی کچە نمایشکاری جلوبەرگی جیهانی و بەرازیلی دەستنیشانکردووە بۆ ئەوەی جامی جیهانی پێشکەش بە کاپتنی ئەو هەڵبژاردەیە بکات کە دەبێتە پاڵەوانی ٢٠ەمین پاڵەوانێتیی مۆندیال کە ئێستا لە وڵاتی بەرازیل بەردەوامە.

دیلما ڕۆسیف لە ترسی جەماوەر و بۆ ئەوەی لەکاتی وتار وتندا تووشی ڕەخنە و فیکە لێدان نەبێتەوە نەیتوانی لە ئاهەنگی کردنەوەی مۆندیال هیچ وتارێك پێشکەش بکات، بەڵام بە ڕەسمی جیزیلی دیاریکرد بۆ ئەوەی جامەکە پێشکەش بە تیپی براوە بکات، جیزیلی تەمەن ٣٣ ساڵ کە بە ڕەچەڵەك ئەڵمانییە یەکەم کچە نمایشکاری ملیاردێری جیهانییە کە تا ئێستا ئەم شەرەفەی پێ بەخشرا بێت، پێشتر هاوڕێی ئەستێرەی سینەمایی ناوداری جیهانی لیۆناردۆ دیکاپریۆ بووە و ئێستاش هاوسەری یاریزانی تۆپی پێی ئەمریکی تۆم برادییە و یەکێکە لە هاندەرە سەرسەختەکانی یانەی ریال مەدرید.

جیزیل کە بە نمایشکارە ملیاردێرەکە ناسراوە بەم دواییە ڕایگەیاند کە بە جددی بیر لەوە دەکاتەوە واز لە کاری نمایشکردن بهێنێت و ئاشکرای کرد کە لەمەودوا دایکایەتی و خزمەتکردنی منداڵەکان لە کارە سەرەکی و هەرە پێشینەکانی ژیانی دادەنێت، بۆ ئەم مەبەستەش خانوویەکی نوێی کڕی و بڕیاری دا تێیدا نیشتەجێ بێت.


# جنیڤەر لۆپێز:

چەنـد ماڵپەڕێکی هەواڵـی هونەری تایبەت بە ئەسـتێرە ناودارەکانی جیهانی، لەسەر زاری کەسانی نزیك لە گۆرانیبێژ و ئەکتەری ناوداری جیهانی جنیڤەر لۆپێز بڵاویان کردەوە کە جنیڤەر بە هیچ شـێوەیەك بیر لـە وازهێنان لە هونەر و گۆرانیـی وتن ناکاتەوە و بڕیـاری داوە تا ئەو کاتەی لە توانایدا هەبێت بەردەوام دەبێت و هەوڵ دەدات دڵـی جەماوەرەکەی بـە گۆرانییەکانی خۆش بکات و لەسـەر شانۆ دەبێت بۆ پێشکەش کردنی کۆنسێرت.

لەم بارەیەوە ماڵپەڕی ( کۆنتاکت میوزیك)ی








# ئافرەت کاڵا نییە بەسەربچێت

بڵاوی کردەوە جنیڤەر لە لێدوانێکیدا جەماوەری خۆی دڵنیا کردۆتەوە کە بە هیچ شێوەیەك لە ئێستادا ناکەوێتە ژێر کاریگەری فشاری وازهێنان و دوورکەوتنەوە لە گۆرانی وتن بە تێپەڕبوونـــی تەمەن، چونکە بڕیاریداوە تا پیریش دەبێت و تا ئەو کاتەی لە توانایدا هەیە بەردەوام دەبێت لە گۆرانی وتن.

جنیڤەر لۆپێز کە بەشـــداری لە ئاهەنگی کردنەوەی مۆندیالی بەرازیلدا کرد لە شاری ساوپاولۆ لەم بارەیەوە بۆ ماڵپەڕی ناوبراو وتی: تەنیا من نیم وەك ئافرەت کە ئەم بڕیارەم دابێت، منیش چەند گۆرانیبێژێك دەکەم بە نموونەی خۆم، زۆرن ئەوانەی تا تەمەنێکی درەنگ گۆرانییان وتووە وەك ئاریسا فرانکلین تا تەمەنی ٧٢ ساڵ و دۆلی پارتۆن تا تەمەنی ٦٨ ساڵی گۆرانییان وت، بەردەوام بوون ئەمانە ئەوە دەسەلمێنێت کە ئافرەت کاڵا نییە تا مێژووی بەســـەرچوونی هەبێت، بەڵکو ئافرەت دەتوانێت بەردەوام بێت و ئەوی بیەوێ پێشکەشی بکات لە تەمەنی شەست یان حەفتا ساڵیشدا بێت.



# مادۆنا بە منداڵان پیریی خۆی دەشارێتەوە

پێدەچێت مادۆنای ئەســـێترەی پۆپی ئەمریکی و جیهانی خوی بە خۆشەویســـتیی ئەو گەنجانە که زۆر لە خۆی بچووکترن، چونکە دوای ئەوەی لە هاوڕێی پێشووی کە ناوی ئیبراهیم زاییبت بوو جیابۆوە گرتبێت و بە نزیکەی ٣٠ ســـاڵ لێی بچووکتر بوو، ئێســـتاش بە هەمان شێوە لە پەیوەندییەکی خۆشەویستی نوێدایە لەگەڵ گەنجێکی دیکە، بەڵام هاوڕێکانی دەڵێن ئەم پەیوەندییەش وەکو ئەوانی پێشـــووتر کاتییە و تا ســـەر نابێت. خۆشەویســـتە نوێیەکەی مادۆنا ئەویش بە تەمەن نزیکەی ٣٠ ســـاڵ لە خـــۆی بچووکترە، بەپێی ســـەرچاوە هەواڵییەکان خۆشەویســـتی ئەم جارەی مادۆنا تایمۆر ســـتیڤنزی تەمەن ٢٦ ساڵە و سەماکارە لە تیپێکی ئەمریکی، پەیوەندییەکەشـــیان بۆ پێش شـــەش مانگ دەگەڕێتەوە، لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (ئای نیوز)ی تایبەت بە هەواڵی ئەســـتێرەکان رایگەیاند کە چەند کەســـێکی نزیك لە مادۆنای تەمەن ٥٥ ساڵ ئەو هەواڵەیان پشـــت راســـت کردۆتەوە و چەندین جار بە یەکەوە بینیویانە لەوانەش ئاهەنگی دابەش کردنی خەڵاتەکانی (گرامی) و دوایین جاریش لە شانۆی برۆدوای لە نیویۆرك بە یەکەوە بینراون.

زۆر لە هاوڕێ نزیکەکانی مادۆنا باس لەوە دەکەن کە یەکێکە لەو ئافرەتانەی بە هیچ شێوەیەك حەز ناکات باســـی تەمەن و پیربوونی لەگەڵدا بکەن هەر بۆیەش چەندین نەشتەرگەری جوانکاریی جیاجیای ئەنجامداوە بۆ شـــاردنەوەی لۆچەکانی دەموچاوی ورەنگە بەســـتنی ئەم پەیوەندییە نوێیەیشی هەر بۆ ئەوە بێت کە سیما و نیشـــانەکانی بەســـاڵاچوونی پێ بشـــارێتەوە و خۆی بە گەنج دەربخات. شایەنی باسە مادۆنا پێشتر چەند جارێك ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ چەند ئەکتەر و دەرهێنەرێکی ناودار پێکهێناوە لەوانە شۆنی بینی ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی بۆ ماوەی ٤ ساڵ و جای ریتشی دەرهێنەری بەریتانی بۆ ماوەی هەشت ساڵ و کچەکەی تەمەنی ١٧ ساڵە و کوڕەکەیشی تەمەنی ١٣ ساڵە.

## سابیر عەبدولڕەحمان:

# یەکەم مەنەلۆجم بۆ منداڵان گوت، گەورەکان زیاتر پێی موعجیب بوون



سابیر عەبدولڕەحمان بە یەکەم هونەرمەندی کورد دادەنرێت کە بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ مەنەلۆجی گوتووە بۆ ئەوەی خەڵك لە رێگای ئەم جۆرە کلیپانە لە دیاردە ناشیرینەکانی وشیار بکاتەوە لە هەمان کاتدا چارەسەریش بۆ گرفتەکان دەستنیشان بکات، ئەمەش بۆ ئەو کات شتێکی نوێ بوو لە نێو کورددا، لەم دیمانەیەدا باس لە مێژووی مەنەلۆج و کاریگەری لەسەر کۆمەڵگادا دەکات.

**• سەرەتا حەز دەکەین پێناسەیەکی کورتی هونەری مەنەلۆجمان بۆ بکەی؟**

- مەنەلۆج بەشێکە لە گۆرانی، بەڵام بەشێکی زۆر کاریگەر و تایبەت، مەنەلۆج وشەیەکی بیانییە بنەچەکەی بۆ فەرەنسی دەگەڕێتەوە، بە مانای ئەو هەستە دێت کە لە ناخی مرۆڤدا هەڵدەقوڵێت دەریببڕێت جا ئەوهەستە خۆشی بێت یان ناخۆشی و زیاتریش بابەتی رەخنە گرتن دەگرێتەوە، بۆیە مەنەلۆج رێگایەکی زانستییە بۆ چارەسەرکردن و نەهێشتنی کۆسپ و تەگەرە و گرفت و خو و رەوشتی سلبی لەنێو کۆمەڵگا.

**• مەنەلۆج مەرجی تایبەتی خۆی هەیە؟**

- بەڵێ، لە هەڵبەست و ئاواز و گوتنی، مەرجی تایبەتی خۆی هەیە پێویستە لەبەرچاو بگیرێ و هەر یەکێك لەمانە تایبەتمەندێتیی خۆی هەیە، هەڵبەستەکە دەبێ زۆر ئاسان بێت ببێتە وێردی سەر زمانی گەورە و بچووك و دەبێت وتەی سادە وئاسایی تێدا بێت کە خەڵك رۆژانە لە ژیانی خۆیدا گوێی لێ بێت و بەکاری بهێنێت و هەموو کەسێك بە ئاسانی تێی بگات، هەروەها مۆسیقی و مەوزون و ئیقاعی بێت، ئاوازەکەش بە هەمان شێوە دەبێ ئاسان بێت بەجۆرێك هەموو کەسێك بتوانێت بیلێت، ئەو کەسەی کە مەنەلۆجیش دەڵێ پێویستە بە شێوەیەك بیلێت کە هەندێك نواندنی تێدا بێت و بە تەواوی بچێتە نێو ئەو رۆڵەی کە دەیبینێت ئەگەر وێنەی گیرا، تەنانەت ئەگەر بۆ رادیۆش بێت پێویستە بەشێوەیەك بێت کە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر گوێگرەوە هەبێت، هەروەها شتێکی گرنگ هەیە پێویستە ئاماژەی پێبکەم ئەویش ئەوەیە هەموو گۆرانیبێژێك نابێتە مەنەلۆجست، بەڵام مەنەلۆجست دەبێتە گۆرانیبێژ.

**• کورد کەی ئەم هونەرەی ناسیوە و پێی ئاشنا بووە؟**

- لە فۆلکلۆری کوردیدا بە هەزاران ساڵ بابەتمان هەبووە وەکو هەڵبەست گوتراوە و بەردەوام بووە، لەسەر مام رێوی یان بۆ جوان و ناز کردنی کچان، بەڵام وەکو مەنەلۆج کە بەشێوەیەکی زانستی ئەکادیمی پێشکەش کرا بێت و هەموو تایبەتمەندییەکانی گۆرانی تێدا هەبێت دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوو و من دەستم پێکرد بە هاندانی چەند هاوڕێیەکی موزیکژەن لە تیپی نیقابەی مامۆستایانی کوردستان و چالاکی هونەری دوای ئەوەی بینیان من لەو بوارە بەهرەیەکم هەیە، چونکە لەسەر شانۆ بە جورئەتەوە لەگەڵ خەڵك قسەم دەکرد و رەخنەم دەگرت و ئەم جورئەتەیان لە مندا دەبینی کە بەرامبەر بە خەڵك رادەوەستم، سەرەتا دەستمان پێکرد بە مەنەلۆجێکی تایبەت بە منداڵان بۆیە بە گۆرانی (حاجی لەقلەق مارهات) کە فۆلکلۆر بوو لە هەمان کات ئامانجیشی هەبوو، ئەمەمان بۆ منداڵان گوت، کەچی گەورە زۆرتر پێی موعجیب بوو و لە منداڵانیان زووتر وەرگرت، ئیتر لەو کاتەوە دەستم پێکرد.

**• پێش ئێوە لە نێو کورد کەسی تر مەنەلۆجی گوتبوو؟**

- کەسێك هەبوو خەڵکی خانەقین بوو ناوی حەسەن بوو، مەنەلۆجێکی هەبوو لەسەر کرێچیاتی، بەڵام تا ساڵانی حەفتاکان تۆماری نەکردبوو، بەند بێژ هەبوون پێش ئێمە بەندیان گوتووە، بەڵام ئەمە نابێتە مەنەلۆج، چونکە مەنەلۆج پێویستە زەم کردن نەبێت بەڵکو دەبێ کورت بێت و ئامانجی هەبێت و نابێ لە ٣-٥ کۆپلە زیاتر نەبێت و روون بکەیەوە کە ئەو رەوشتە ناشیرینەی کە لە کۆمەڵگادا هەیە پێویستە نەمینێت و لە هەمان کاتدا دەبێ چارەسەریشی بۆ بدۆزییەوە، چونکە پێشەکی و ناوەڕۆك و کۆتاییشی هەیە.

**• کێ زیاتر هانیدای بۆ ئەوەی بەردەوام بیت؟**

- زۆر سوپاسی ئەو هەموو هاوڕێیانە دەکەم کە کاتی خۆی لەگەڵم بوون لەوانە هونەرمەندانی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر، دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریم پێکهێنا هاوسەری خۆشەویستم هاندەرێکی زۆر باشی من بوو و لەگەڵم دەهاتە کەرکوك لە کاتی وێنەگرتن، بۆیە بە پێویستی دەزانم زۆر سوپاسی بکەم.

**• جاران سەرەڕای نەبوونی تەلەفزیۆن و رادیۆی کوردی وەکو ئێستا، کەچی مەنەلۆج زۆر بە باشی دەگەیشتە خەڵك و خەڵکیش پێشوازی لێدەکرد، ئێستا بۆچی بەو شێوەیە نییە؟**

- ئەو سەردەمە تەنیا یەك کەناڵی تەلەفزیۆنی کوردی هەبوو ئەویش کەناڵی کەرکوك بوو بۆیە خەڵك چاوی لەو تاکە کەناڵە بوو، هەروەها یەك ئێزگەی کوردیش هەبوو کە خەڵك رۆژانە گوێی لێدەگرت و خەڵك کاتی زۆری هەبوو، ئێمەی هونەرمەندان تەنیا بیرمان لەوە دەکردەوە هەرچۆنێك بێت بەرهەمێك تۆمار بکەین بۆ خەڵك کە پێی رازی بێت و گونجاو بێت لەگەڵ کۆمەڵگای کوردەواری و زۆریش بە وریاییەوە کارمان دەکرد، چونکە کۆسپ و تەگەرە زۆر بوو لەبەردەممان بۆ تۆمار کردنی ئەو بەرهەمە کوردیانە، ئەو کات خەڵکیش بینیان شتێکی نوێ پەیدا بووە بە ناوی مەنەلۆج کە لە یەك کاتدا پێکەنینی تێدایە و ئامۆژگاریش بوو بۆ خەڵك بۆیە بە ئاسانی لە نێو خەڵك بڵاوبۆوە و پێشوازییان لێیکرد، بەمەش مەنەلۆج مەودایەکی فراوانی وەرگرت، بەڵام ئەم سەردەمەی ئێستا دەبینین کەناڵ و رادیۆ زۆرن و ئەوانەی سەرپەرشتی کەناڵەکان دەکەن یان لە تەنسیقن بەپێی حەز و ئارەزووی خۆی شتەکان پەخش دەکاتن رۆژی وا هەیە کلیپێك دوو جار دووبارە دەکاتەوە، بەداخەوە بیر لەوە ناکرێتەوە کە تەلەفزیۆن ئاراستەی هەموو خەڵك دەکرێت و ناکرێت بەپێی حەزی چەند کەسێك بەرنامەکانی پەخش بکات و پێویستە پێشتر پلان و بەرنامەی تەواو دابنرێت، ئێستا لە کەناڵەکانی خۆمان ئەو جۆرە بەرنامە و پلانانە بوونیان نییە و یەکسەر دەچنە ناو بەرنامەکان.

**• بەناوبانگترین مەنەلۆجی خۆت کامە بووە؟**

- هەموو مەنەلۆجەکانم پێ باشە، ئەوانەی زیاتر چوونە ناو خەڵك بوك و خەسوو، کاکی شوفێر، بازاڕی فرتوفێڵ، درۆزن، بەڵام کاکی شوفێر لە هەمووان زیاتر بڵاوبۆوە و دەنگۆی زیاتری هەبوو، هەندێکیانم تازە کردۆتەوە، بەڵام بەخۆم لێیان رازی نیم و ئەگەر خوا دەرفەت بدات بەشێوەیەکی نوێ کلیپیان بۆ بکەم، بەڵام کلیپیشی بۆ بکەم ئەگەر لە تەلەفزیۆنەکان نمایش نەکرێن چ سوودێکی دەبێت، لە کاتێکدا ئەو مەنەلۆجانەی من هەمە لەسەر ئافرەت و گەنج و کێشە کۆمەڵایەتییەکان و نەبوونی خزمەتگوزاری زۆر لەو مێزگەردانە سوودی زیاترە کە بۆ ئەم مەبەستە رێکدەخرێن.

**• بیرت لەوە نەکردۆتەوە وەکو کۆنسێرت پێشکەشیان بکەی؟**

- بەڵێ بیرم لێکردۆتەوە ئەگەرچی خەڵك ئازادە بۆخۆی چی دەکات و گوێ لە چی دەگرێ، بەڵام خەڵك پێی خۆش بی پێی ناخۆش بی پێویستە لە زۆر شت وشیار بکرێتەوە، زۆر بابەت هەیە ئەگەر پێش ٢٠ ساڵ خەڵك لێی وشیار کرابایەوە ئێستا نەدەگەیشتە ئەو ئاستەی ئێستا.







# (یەکەم فیستیڤاڵی هونەری کوردی)

## ئەو ساتانای ناسڕێنەوە

ئەحمەد سالار
مانگانە بۆ گوڵان دەینووسێت

ڕێکەوتننامەی (١١)ی ئادار، گەورەترین وەچەرخان بوو لە مێژووی نزیکی گەلی کوردا، دەیان دەرووی بەڕووی سەراپا بوارەکانی ژیانی کوردا کردەوە، دیارە هونەریش وەك گرنگترین رووی هۆشیاری کۆمەڵایەتی گەورەترین گەشە و بوژاندنەوەی بەخۆیەوە بینی، لەو ماوەیەدا خوالێخۆشبوو(د. ئیحسان فوئاد) بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بوو لە بەغدا، ماوەیەکی زۆر بوو لە بیری ئەوەدابوو، یەکەم فیستیڤاڵی هونەری کوردی لە مێژووی کوردا سازبکات و سەرجەم کوردستانی باشوور لە خۆ بگرێ.

بۆ ئەنجامدانی ئەم مەبەستە سەرەتا نوێنەری نارد بۆ شارەکانی کوردستان لە زاخۆوە هەتا خوار خانەقین و گشت تیپ و کۆمەڵە و گرووپە هونەرییەکانیان بەسەرکردەوە، پاشان ژمارەیەکمان بانگێشتی بەغداکراین و لەگەڵ دکتۆر ئیحسان و یاریدەدەرانی بۆ ئەو کارە کۆبووینەوە، ئەو دەمە سەرۆکی شانۆی پێشرەو بووم، بە وردی و بەدرێژی باسمان لە جۆر و پێکهاتەی ئەو فیستیڤاڵە کرد.

کەسانێکی وەك بەڕێزان (فەوزی رەفیق حلمی، محمد عارف سیامەنسوری، شێخ جەعفەر بەرزنجی، یاسەمین بەرزنجی) تەرخانی رێکخستنی فیستیڤاڵەکەبوو.

دوابەدوای کۆبوونەوەکە بەڕێوەبەری گشتی رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی، کۆمەڵە بڕیارێکی بۆ رێکخستنی فیستیڤاڵەکە دەرکرد. منیش یەکێك بووم لە لیژنەی سەرپەرشتیاری هونەری شانۆ.

بەراستی رۆژانی فیستیڤاڵ، رۆژانی جەژن و بەیەك شادبوونی هونەرمەندانی سەرانسەری کوردستان بوو، یەك هەستی کوردانە هەمووانی لەخۆ گرتبوو.

ئەوەی بە پێویست زانرا نەخشەی بۆ کێشرا، دەوروبەری عەسر لە کۆبوونەوەکە بووینەوە، ئەوسا دکتۆر بردینە ریستۆرانتی زەورا کە لە پارکی زەورابوو، هەر دوان و سیان لەسەر خوان دانیشتین، وا رێکەوت من و سەلمان فایەق کاکەیی بە یەکەوە بووین، کەوتینە باسی پرۆژەکەمان بۆ بەشداری کردنەکە، ئەو باسی لەوە کرد، کە گرفتی ئەوەیە، تێکستی شانۆیی باش لەبەردەستدا نییە، بۆیە بیری لەوە دەکردەوە کارێکی (کۆلاج) ئاسا بکات بە کۆکردنەوەی ژمارەیەك رووداو هەتا بتوانێ شانۆییەکی نیشتمانپەروەرانەی لێ دروست بکات، لە هەمان کاتدا، من بیرم لە بەرهەمەکەی خۆم دەکردەوە، پاش ئەوەی ئەزموونێکی باشم لە بوارەکانی نواندن و دەرهێنان دا هەبوو جگە لەوەی بڕوای تەواوەتیم پەیداکردبوو، کە دروست بوونی شانۆی کوردی بەبێ دەقی کوردی مەحاڵە.

دەق ئەو زەمینە باش ئامادەکراوەیە، کە بوونیادی لەسەر دەنرێ، بەلایەنی خۆشمەوە ئیدی وادەی دەستدانە نووسینی دەقی شانۆیی بوو.

هەر چەندە پێشتر چەند ئەزموونێکم هەبوو، وەك شانۆیی (وەرزی نوێ) و ژمارەیەك کورتە شانۆیی، یان تابلۆهای شانۆیی- هەمیشە گشت فیستیڤاڵی بابەت و شێوازی خۆی گەرەکە و ئەو رۆژانە بەردەوام لە خولیای بینینەوەی نوێدابووم. چ وەك نووسەر و چ وەك دەرهێنەر، زۆر جار بیرم بەلای یادگارە دێرینەکانی گەلەکەمدا دەچوو، یەکێ لەو لەو کەرەسانە پردی زاخۆ بوو، یان پردێ دەلال بوو، کە کردمە کەرەسەی بەیەك بەستنەوەی کوردستانی پارە پارەکراوەکەی (سایکس بیکۆ)ی ریسوا و، رێکەوتنی (چاڵدیرانی) لەو ریسواتر، بە شێوازێکی شیعر ئامێز و پشت بەستن بە جوڵەی خێرا و تابلۆ نەخشاندنی دەربڕ.

ئەو رۆژانە لە دوور و نزیکەوە بۆنی شەڕ دەکرا، بەغدا لە بەڵێنەکانی پاشگەز بوو بووە و رۆژنامەی (التآخی) ئاوێنەی ئاڵۆزی بارەکە بوو، بەر لە ئاهەنگی کردنەوەی فیستڤاڵەکە بە دوو رۆژێ گرژی دروست بوو بوو، ئەو دەمە سەیدا ساڵح یوسفی بە جۆرێکی دیکە بیری لەو فیستیڤاڵە دەکردەوە و، لەو بڕوایەدا نەبوو کە ئەو فیستیڤاڵە دەبێتە توقێنەری رژێم، چونکە هیچ نەما بەروویدا نەگوترێ، خوالێخۆشبوو(د. ئیحسان فوئاد) داوای لێکردین بچین سەردانی (یوسفی) بکەین چەند کەسێك چووین لە ئۆفیسەکەی کە لە باڵەخانەی وەزارەتی پلاندانان دابوو، لەبەری کەرخ و بەسەر رووباری دیجلەدا دەیڕوانی، سکرتێرەکەی کوڕێکی خەڵکی سلێمانی بوو چووە لای و فەرمووی لێکردین، سڵاومان کرد و بەساردی ولا لووتییەوە پێشوازی لێکردین، بۆ ماوەیەك چاوی لە رووبارەکە بڕیبوو، بە چرپە بە کاك (نوری وەشتی)م، وت، لە خەیاڵی شیعرەکەی ( شەتێ بەغدا) دایە دایە، پاش ماوەیەك بە گرژی کەوتە ئاخافتن: ئەوە بڕیاری بایکۆتی کورد ئەکەم بۆ ئەو فیستڤاڵە، پاشان هەندێ روونکردنەوەی بۆ کرا، کەفیك هێدی بوویەوە، پێمان ووت، سەیدا ئەمانەی هاتووین هەر هەموومان پارتین، ئینجا کەمێك هێدی بووەو وتی:

باشە ئەوە وتارمان دەبێ وتاری یەکێتی نووسەران و کاك(محمد بەردی) ئامادە دەبێ و لەبری ئێمە دەخوێنێتەوە، بۆ کاتژمێر(١٠)ی سەر لە بەیانی لە هۆڵی (خولد) فیستڤاڵەکە کرایەوە، وتاری وەزارەتی رۆشنبیری و راگەیاندن لەلایەن(د. عیزەت مستەفا)وە خوێنراوە، کاتی وتارەکەی یەکێتی نووسەران هات ئاگری دەکردەوە نەك هەر شەڕ بەڵکو لەو بۆنەیدا شەڕ فرۆشتن بوو، وەزیر گرژبوو بە توورەبوونەوە چووە دەرێ و شەقێکی لە خۆی هەڵدا و، نەخوا حافیزی و تەنانەت نە ئاوڕدانەوەیەکیشی نەکرد بۆ بەرێخەرانی، زۆر بە مرومۆچی و بوغرابوونەوە ملی شکاند، بەڵام زۆری نەبرد بە قەولی پێشمەرگە واتەنی لە پلە و پایە ترۆکرا و کەوتە بەر شەقی دەسەڵاتەکەی خۆیان و مایە پووچ بوو.

سێ هۆڵی باشی پایتەخت بۆ بەرهەمەکانی فیستیڤاڵ تەرخانکرابووە.

بەراستی دوا تواناکانی هونەری کورد نوێنراو، هەر بە کۆتایی هاتنەکەی، شەڕ لە نێوان شۆڕشی ئەیلوولی و رژێم دەستی پێکردەوە و هونەرمەندانی کوردیش، لەیەکەم فیستیڤاڵی هونەری کوردییەوە، راستەوخۆ روویان لە شۆڕشە چارەنووسەکەیان کردەوە.

